# وەڵامی راپۆرتی ساڵانەی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق یۆنامی

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان

**Updated 2021**

# ناوەڕۆک:


پێشەکی 3

بازرگانیکردن بە مرۆڤ ..... 4

ڕەوشی گرتووخانەکان و دەستگیرکراوان ..... 5

پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە لە تاوانی تیرۆر تێوەگلاون ..... 6

جیاکردنەوەی چاکسازی گەورە و ئافرەتان و مێرمنداڵان ..... 8

بەشوودانی منداڵان لە خوار تەمەنی یاسایی ..... 9

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان ..... 10

پاڵنەرەکانی توندوتیژی لە کوردستان ..... 10

چارەسەری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە نێوان یاساو سوڵحی عەشایریدا ..... 13

چارەسەر کردنی ..... 13

ڕەوشی شەڵتەرەکان ..... 14

گرنگترین ئەو کارانەی بۆ شەڵتەرەکان ئەنجامدراون ..... 15

کێشەی شەڵتەرەکان ..... 15

توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ..... 16

## پێشەکی

ئۆفیسی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان( یونامی) رۆژی ٥ی دیسەمبەری ٢٠١٦ دواین راپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ لە عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بڵاوکردەوە. لەم راپۆرتەدا یۆنامی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی بۆ پاراستنی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان خستووەتەروو و تێدا باسی لەو یاسایانە کردووە کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراون بۆ پاراستنی رەوشی مافی مرۆڤ و رێگری کردن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم.

لە راپۆرتەکەیدا یۆنامی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم هاوکاریان بوون و رێگایان پێداون بۆ ئەوەی سەردانی بەندیخانەکان بکەن و چاویان بە بەندکراوان بکەوێت و لە هۆکارەکانی دەستگیرکردنیان دڵنیا بن. و لە ئەنجامی سەردانەکانیشیاندا دەرکەوتووتە لە ژمارەیەکی زۆر لە بەندیخانەکان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵە لەگەڵ بەندکراوان دەکرێت و هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئاماژە بەوە بکات هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم ئەشکەنجەی بەندکراوان بدەن بۆ ئەوەی دانپێدانیان لێوەرگرن، سەرەڕای ئەوەش هەوڵمانداوە روونکردنەوەی تەواو سەبارەت بەو بابەتانەی کە راپۆرتەکەی یۆنامی تیشکی خستۆتە سەر.

لە وەڵامی راپۆرتی یۆنامیدا بەو تێبینی و زانیاریانە لە سەرچاوە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دەستمان گەیشتوون، چەند زانیاری و داتامان خستۆتە روو سەبارەت بەو سەرنج و تێبینیانەی کە یۆنامی ئاراستەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە ئەویش بە پشت بەستن بە چەند یاسا و رێنمایی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت بەتایبەتی لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بەشێوەیەگی وەک یاسای سزای عێراق، یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی عێراق، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و یاسای رۆژنامەگەری.

## بازرگانیکردن بە مرۆڤ

لە سەرەتای راپۆرتەکەیدا یۆنامی ئاماژە بە پرۆژە یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان و ئەو رێکارانەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەیگرنە بەر بۆ رێگە گرتن لە بارزگانی کردن بە مرۆڤ، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەم شێوەیە تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە دەخەنە روو.

**ئەنجوومەنی دادوەری**

تاکو ئێستا هیچ یاسایەکی تایبەت بە رێگری کردن لە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە لە کوردستاندا نییە لە کاتی بوونی حاڵەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە تەنها یاساکانی دیکە کە لە دادگاکان هەن کاریان پێ دەکرێ، بەشێوەیەکی گشتی لە ئێستادا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەهەرێم کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی 1969 ی هەموار کراو دەکرێت، هەروەها رێنماییە تایبەتییەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەو دەکرێت.

**وەزارەتی ناوخۆ**

بۆ رێگا گرتن لە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە وەک لە راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند رێکارێکی گرتۆتە بەر کە بریتین لە:

1- بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (8322) لە ١٦ی ئایاری 2016 لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان پێکهێنرا و ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێکهاتبوون کە ئەرکیان بە دواداچوون بوو بەو کەیسانەی سەبارەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ ئاماژەیان پێکرابوو.

2- حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک رێکاری یاسایی بۆ رێگریکردن لە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە گرتووەتە بەر و چەندین رێنمایی تایبەتی بڵاوکردووەتەوە هەروەها حکومەتی هەرێم بەردەوام هەوڵیداوە ژیانی تاکەکانی بەرەو باشتربوون بات و زەمینەیەکی پێکەوە ژیانی بۆ رەخساندوون بۆ ئەوەی خەڵک بە ئاشتیانە و پێکەوە لە هەرێمی کوردستان بژین بە پەنابەر و ئاوارەکانیشەوە، بەڵام بەهۆی ئەو رەوشە ئابووری و ئەمنییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەرووی بووەوەتەوە ئاستەنگ لەبەردەم بەرێوەچوونی ئەرکەکانی حکومەت لە رووبەروو بوونەوەی ئەم بابەتە دروست بووە.

3- کۆمەڵێک رێنمایی لە دەرەنجامی کارەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ پەسەندکراوە و بە گوێرەی ئەم رێنماییانە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەت کە بەرپرسیارن لە پێدانی مۆڵەتی مانەوە بۆ کرێکارانی بیانی، دەبێت کارئاسانییان بۆ بکرێت، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی کرێکاری بیانی دەهێننە ئەم وڵاتە بەرپرسیار کراون بەوەی کە

بەرپرسیارن لە گێرانەوەی کرێکارانی بیانی بۆ وڵاتی خۆیان پێش تەواو بوونی ڤیزایان و ئەگەر هاتوو نەنێردرانەوە ئەوە بە بڕی ٥ ملیۆن دینار سزا دەدرێن و ڕووبەڕووی سزادانی یاسایی دەبنەوە.

## ڕەوشی گرتووخانەکان و دەستگیرکراوان

یۆنامی لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوان لە بەندیخانەکان دەکرێت بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، ڕەنگە لە هەندێک لە بەندیخانە لاوەکیەکان بەتایبەتی لە دەرەوەی سەنتەری شارەکان پێشێلکاری هەبێت، بەڵام لە بەندیخانە سەرەکیەکان هێزە ئەمنییەکان بە گوێرەی یاسا و بنەما نێودەوڵەتییەکان دەجولێنەوە، هەروەها شوێنی حەوانەوەی ڕاگیراوان و دەستگیرکراوان گونجانی لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە ڕووی فراوانی و ژمارەی ژوورەکانی بنکەکانی گرتن و چاکسازییەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دەستگیرکراو و ڕاگیراوان یەکێکە لەو بابەتەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

**وەزارەتی ناوخۆ**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵدایە بارودۆخی زیندانیان و ڕاگیراوان باشتر بکات لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بگونجێت، دابینکردنی شوێنی حەوانە یەکێك بووە لەو کارانەی کە گرینگی زۆری پێدراوە بۆ ئەم مەبەستەش چەندین باڵەخانەی نوێی چاکسازی گەوران درووستکراون. بۆ نموونە لە هەولێر، هەروەها ئەو هۆڵانەی کە سزادراوەکانی چاکسازی گەورانی تێدا بوو نۆژەن کراونەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، باڵەخانەیەکی نوێ بەپێی ستانداردی جیهانی درووستکراوە بۆ بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی هەولێر. ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوە و چارسەرکردنی کێشەی قەرەباڵغی ڕاگیراوان . سەبارەت بە بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی بە هەمان شێوەی هەولێر، باڵەخانەی بۆ درووستکراوە و حکومەت لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەوە کە هەموو جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە ئاستەنگ لەبەردەم کارەکە درووستبووە.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

باڵەخانەیەکی نوێی چاکسازی کۆمەڵایەتی گەوران لە هەولێر بەپێی ستانداردی جیهانی دروستکراوە کە لە (92) ژووری ئاسایی و (10) ژووری تاکەکەسی بۆ حاڵەتی پێویست پێکهاتووە و توانای حەواندنەوەی (900) سزادراوی هەیە و لە کۆتایی مانگی ئاداری (2015)ەوە هەموو سزادراوان لە بەندیخانەی محەتە گوازراونەتەوە بۆ ئەم باڵەخانەیە، بە هەمان شێوە لە پارێزگاکانی (دهۆك و سلێمانی) باڵەخانەی نوێ بە هەمان ستاندار درووستکراوە.

هەموو فەرمانگەکانی چاکسازی بەشی تەندروستی تێدایە بۆ پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی، بەڵام ئەگەر سزادراوێکی نەخۆش لەلایەن بەشی تەندروستی چارەسەری نەبێت، ئەو کات ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێ بۆلای پزیشکی پسپۆر،

وەزارەت لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی بەشە تەندروستییەکان بکرێنە بنکەی تەندروستی و پزیشك بە بەردەوامی بوونی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، حکومەتی هەرێم ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ راگیراوان و رێوشوێنی سەردانی کەس و کاری بەندکراوان بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت داڕێژراوە. پاش گواستنەوەی چاکسازی گەوران لە هەولێر بۆ باڵەخانەی نوێ لە ئێستادا ئەو کێشەیە نەماوە، هەروەها لە بەرنامەی چاکسازیدا هەیە وەرشەی کار کردن بۆ سزادراوان دابین بکات، بەڵام پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە و قەیرانی دارایی بەربەرستە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بەتایبەت لە (چاکسازی گەوران لە هەولێر و سلێمانی).

## پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە لە تاوانی تیرۆر تێوەگلاون

یۆنامی ئەوە دەخاتەروو ژمارەیەک لە بەندکراوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ دادگایی کردن لە بەندیخانەکاندا دەمێننەوە. ژمارەیەکی زۆر لەوان لە سەرەتا لە ماوەی ١٥ تا ٢٠ رۆژ بەبێ لێپێچینەوە لە زیندان دەمێننەوە و دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، ئەوکاتە لێپرسینەوە لێیان دەست پێدەکات، هەروەها زۆر جار ناتوانن پارێزەر دابین بکەن، بەڵام بەرپرسانی هەرێم ئاماژەیان بەوە کردووە کار دەکەن بۆ خێراتر کردنی ئەم پرۆسەی لێکۆڵینەوانە و ئەو کەسەی هیچ تاوانێکی لەسەر نەبێت لە ماوەیەکی کورتدا ئازاد دەکرێت.

### بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر

هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر ناکرێت بە هیچ تۆمەتێک و گشت رێوشوێنەکانیش بە بڕیاری دادگا ئەنجام دەدرێن و دوای دەستگیرکردنیشی مافە یاساییەکانی خۆیان هەیە بەپێی بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکان، بۆیە ڕیگری لە هیچ کەسێک ناکرێت و هەموو کەسێک کە دەستگیر دەکرێت مافی هەبوون و دابینکردنی پارێزەری تایبەت بە خۆی هەیە.

### ئەنجوومەنی دادوەری

سیستمی لێکۆڵینەوە دیارە تەنیا پۆلیس لێکۆڵینەوە ئەنجام نادات بەڵکو بەپێچەوانەوە لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە هەموو بنکەکانی پۆلیس وەك فەرمانگەیەك کار دەکات کە لە چەندین لێکۆڵەری دادوەری بە توانا پێکهاتووە و لێکۆڵینەوەی زانستی و چڕ و پڕ ئەنجام دەدەن و زۆربەی کاتەکانیش دادوەری لێکۆڵینەوە بە پشت بەستن بە وتە و ئیفادەکانی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە پەراوی لێکۆڵینەوە بڕیار دەردەکات.

### وەزارەتی ناوخۆ

دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هەر گومانلێکراو یاخود تاوانبارێک لە دەسەڵاتی دادوەری دادگای تایبەتمەندە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە وەک وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکان پابەند دەبن بە جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە و ئەگەر

فەرمان یاخود بڕیاری دادگای لەسەر نەبێت بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بڕیار لەسەر داهاتووی گومانلێکراو یان دەستگیرکراو بدرێت. ڕێو شوێن و ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە دەستگیرکراوان بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاکمات الجزائیه) ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و ڕێکارەکان بریتییە لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بنەرەتی، دوای گەیشتن بە راستی داوایەکە تۆمەتبارەکە وەک مافێکی خۆی بۆی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات و ئەگەر نەیتوانی پارێزەر ئامادە بکات ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و  ئاگاداری کەسوکاری دەکرێت کە ناوبراو گیراوە لە بنکەی پۆلیس، دواتر کەیسەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

دواکەوتنی ڕێوشوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان ڕێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کردووە، بەڵام لەلایەن بەڕێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە سەبارەت بە تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

لە کاتی دەستگیرکردنی هەر گومانلێکراوێک تەمەنی یاسایی تەواوکردبێ یان لە خوارووی تەمەنی یاساییەوە بێت ماوەی ٢٤ی کاتژمێر پێویستە، بۆ ئەوەی پەراوی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لێی بنێردرێتە یەکێک لە داداگا تایبەتمەندەکان و بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت.

سەرەڕای ئەمەش بە مەبەستی نەهێشتنەوەی راگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژ بەر لە دادگایی کردنیان، وەزارەتی ناوخۆ بەلیست مانگانە ناوی راگیراوان ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات، بە هەمان شێوە ئەو راگیراوانەی لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگاکان راگیراون و پەڕاوەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە، ناوەکانیان بە لیست ڕەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکان دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

بە شێوەیەکی گشتی یەکلابوونەوەی کەیسەکان پەیوەندی بە دادگاکانەوە هەیە، چونکە بەپێی یاسا تەنها لە دادگا کێشەکان یەکلا دەکرێنەوە و بەرێوەبەرایەتییەکانمان هەماهەنگییان هەیە لەگەڵ دادگا پەیوەندیدارەکان و دەبێت بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ڕێکارە یاساییەکان و دادگاکان لیژنە پێك بهێندرێت لە دادوەرە بەڕێزەکان بۆ یەکلا کردنەوەی هەموو کێشەکان لەسەر ئاستی هەرێم.

## جیاکردنەوەی چاکسازی گەورە و ئافرەتان و مێرمندالآن

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست یۆنامی کەوتون و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامیداون شێوازی مامەڵەکردنەی کە لە بەندیخانەکان لەگەڵ دەستگیرکراوان دەکرێت بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، ئەمەش بە شێوەیەکە بەندیخانەی مێر مندالآن، ژنان و پیاوان لەیەکدی جیاکراونەتەوە.

### وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

هەوڵدراوە لە هەرسێ پارێزگا (هەولێرو سلێمانی و دهۆك) باڵەخانەی نوێ دروست بکرێ بۆ ئەم مەبەستەش زەوی لە شوێنی گونجاو تەرخان کراوە بۆ دروستکردنی بینا و باڵەخانەی تازە بۆ چاکسازییەکانی ژنان و مێرمندالآن، و ئەو زەوییانەی بۆ چاکسازییەکانی نەوجەوانان تەرخانکراوە دیزاین و نەخشەسازییان کۆتایی پێهاتووە و حەواڵە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڵێندەر بۆ دەستپێکردنی کارەکانیان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن تیاندا وەستاوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش ئێستا لە هەولێر نزیکەی (23%) کارەکانی بینایە چاکسازی ژنان تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە پڕۆژەکە وەستاوە. بە هەمان شێوە لە دهۆك و سلێمانی ئەو زەوییانەی بۆ چاکسازی ژنان تەرخان کراوە دیزاین و نەخشەسازی کۆتایی پێهاتووە حەواڵە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڵێندەر بۆ دەست بە کاربوون، بەڵام قەیرانی دارایی هۆکارێکە بۆ تەواو نەکردنی ئەو پرۆژەیە.

ئەو نەوجەوانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی تەمەنی (18) ساڵی تەواو دەکەن و بەردەوامن لە خوێندن بە سیستەمی خانە و ئەگەر بەردەوام بن لە خوێندن تا  تەمەنی (18) ساڵی لە خانەکان دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر نەخوێنێت سیستەم ڕێگا نادات بە مانەوەی ئەو نەوجەوانە لە خانەکان، چونکە بەردەوام بوون لە خوێندن یەکێکە لە مەرجەکانی خانە، دوای ئەوەی دەچنە قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا لە بەشی ناوخۆی قوتابیان جێگایان بۆ دەکەنەوە بەمەرجی بەردەوام بوون لە خوێندن، سەرەڕای ئەمە هەندێک جار یارمەتی دەدرێن بۆ مانەوەیان تا شوێن و جێگایان بۆ دابین بکرێ یان کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە .

نەگونجاندنی بینایەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی  ژنان و مێرمندالآن ئەم گرفتە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

أ ـ ئەو بینایانە لە بنەڕەتدا بۆ پڕۆژەی چاکسازی دروست نەکراون، بەڵکو تەنیا بۆ داڵدەدانی ڕێژەیەك لە منداڵی لاساری یاسایی درووستکراوە و هیچ پەیوەندییەکی بەو ژنانەوە نییە کە حوکم دراون، بەڵام لەبەر نەبوونی باڵەخانەی تایبەت بەو ژنانە، ئێستا لەنێو بینا کۆنەکەی چاکسازی مندالآن جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

ب ـ هۆڵ و شوێنی خەوتن و وەرشە و بنکەی تەندروستی هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، هۆڵەکان وەکو خۆیانن تەنیا ئەوە نەبێت کە ساڵانە بە گوێرەی پێویست و هەبوونی پارەو ئیمکانیات نۆژەن دەکرێتەوە، بەڵام بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی زۆری ئاوارە و پەنابەر هۆڵەکان بەش ناکات.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر**

جەنگی داعش بە گشتی و شەڕی ئازاد کردنەوەی موسڵ وایکردووە کە ژمارەی بەندکراوان زۆر بێت. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە ئێستادا خەریکی فراوان کردنی بەندیخانەکەیەتی بەشێوەک کە زیاتر گونجاو بێت لەگەل ژمارەی بەندکراوان و بتواندرێت باشتر ڕەچاوی باری مرۆیی بەندکراوان بکرێت.

سەرەڕای ئەمەش هیچ بەندکراوێک ئەگەر تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵ بێت لە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر نامێنێتەوە,چونکە بەندیخانەی تایبەت بە نەوجەوانان هەیە.

## بەشوودانی منداڵان لە خوار تەمەنی یاسایی

سەبارەت بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی (یۆنامی) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی بەشوودانی کچان لە خوار تەمەنی یاسایی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە کە ئەمەش بە پێشێلکاری مافی ئافرەت و هۆکارێک بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

**ئەنجوومەنی باڵای خانمان**

زوو بە شودانی منداڵ واتە لە خوار تەمەنی یاسایی کچ بە شوو دەدرێت، ئەمەش وا لەو کچە دەکات نەتوانێت بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، چونکە هیچ ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری و بەڕێوەبردنی خێزان ئەمەش کێشەی گەورەی لێدەکەێتەوە و دەبێتە هۆی جیابوونەوە.

لە ئێستادا بە شوودانی منداڵان ، لە حاڵەت دەرچووە بووە بە دیاردە و زۆرترینی لە نێو ئاوارە و پەنابەراندایە پاشان لە گوند و ناحیەکان و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە قەزا و سەنتەری شارەکاندا هەیە، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای ئەنجومەنی باڵای خانمان و بە هاوکاری (UNFPA) کۆمبی پلانی (نا بۆ بەشوودانی منداڵان)ی ئامادەکراوە، پرۆژەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت و پێکهاتووە لە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە لەلایەنی پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینییەوە، کە ئێستا لەلایەن وەزارەتەکانی ناوخۆ، پەروەردە، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، هەروەها ڕێکخراوەکانی(CDO) لە سلێمانی و (مەسەلە) لە هەولێر و (هاریکار ) لە دهۆك ... قۆناغی یەکەمی جێبەجێ کردنی کۆتایی هاتووە و لە دەست پێکی قۆناغی دووەمدان.

**وەزارەتی ناوخۆ**

ژمارەیەک لەو کەسانەی لە خوار تەمەنی یاساییەوە بەشودراون بە نهێنی بووە و بەشێوەیەکی نایاسایایی و بەبێ ڕەزامەندی دادوەر یاخود دادگا ئەم کارە ئەنجامدراوە، هەر کەسێک لە بەشوادنی منداڵان دەستی هەبوو بێت ئەوە دەستگیر دەکرێت و لە دادگا بە گوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

سەبارەت بە هەموو ئەو کەیسانەی باس لەوە دەکەن کە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر ئافرەتان لەلایەن دانیشتوانی ناو کەمپەکە پشتڕاست نەکراونەتەوە و ناتوانن ئاشکرای بکەن کە دەستدریژیان کراوەتە سەر جا لەبەر هەر هۆیەک بێت.

## توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان

یۆنامی تیشک دەخاتە سەر یەکێک لەو کێشانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە  ئەویش ئەنجامدانی توندوتیژییە بەرامبەر ئافرەتان وەک دەستدرێژی سێکسی، خەتەنە کردنی ئافرەتان، بەشودانیان لە تەمەنێکی زۆر بچووک و ئەمە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پێشێلکردنی مافی ئافرەتان. لەم بارەوە یۆنامی لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم کار دەکەن بۆ ئەوەی کە هاوکاری ئافرەتان بکەن لە کەم کردنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و بە تەواوی لێپێچینەوە لەو کەسانە دەکرێت کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەنجام دەدەن.

**وەزارەتی ناوخۆ**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەردەوامە لە هەوڵی کەمکردنەوەی رێژەی توندوتیژی بە بڵاوکردنەوەی وشیاری، ئەنجامدانی خول و سیمینار و وۆرك شۆپ، ناساندنی یاساکانی تایبەت بە ژنان، هەروەها کردنەوەی نوسینگە و هۆبەی زیاتر  لەو شوێنانەی کە پێویستن، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە پاڵپشتی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وکەموکوریەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان و دروستکردنی مۆبایل تیم بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و بەدواداچوونی کەیسەکان لەو شوێنانەی کە نووسینگە و هۆبەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی تا ئێستا تێدا دانەمەزراوە.

**ئەنجوومەنی باڵای خانمان**

توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە کە هۆکار و پاڵنەری زۆری هەیە لە هەمان کاتدا شێوازی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە بەجۆرێک کێشەکان و جۆر و شێوازی توندوتیژیش جیاوازە بەپێی بیروباوەڕ و دابونەریتی کۆمەڵگاکان ، بێگومان کۆمەڵگای کوردستانیش لەم توندوتیژییە بەدەر نییە،  بۆیە پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت لەگەڵ چارەسەری گونجاو بۆ ئەم دیاردەیە.

## پاڵنەرەکانی توندوتیژی  لە کوردستان

- زۆربوونی رێژەی دانیشتوان و گۆڕانکاری تۆپۆگرافیای کوردستان بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر کە کاریگەریان کردووەتە سەر کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگە و دین مەزهەب (سوننە و شیعە) و زمان و ...هتد، هەروەها کار دەکاتە سەر بازاری کار و زیادبوونی رێژەی بێکاری.
- خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان بەتایبەتی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بوونەتە هۆی زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەش زیادبوونی رێژەی جیابوونەوە.
- خراپ بوونی باری ئابووری و دارایی و زۆر بوونی ڕێژەی هەژاری لە وڵاتدا.

- جەنگ و شەڕی روبەروو بوونەوەی تیرۆر و ململانێی نێو خۆیی و نێودەوڵەتی.
- جێبەجێ نەکردنی یاسا بەهۆی بارودۆخی نا سەقامگیری ئێستای هەرێم لە رووی سیاسی ئابوورییەوە.
- فرەژنی لە زیادبووندایە لە کاتێکدا بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان قەدەغە کراوە، بەڵام لە دادگاکانی دەرەوەی شارەکانی هەرێم ئەنجام دەدرێت.

## دوا ئاماری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان

توندوتیژی و جۆرەکانی لە ساڵی ڕابوردوو (2016) بەشێوەیەکی گشتی کەمی کردووە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2015 ، لە 10 مانگی رابردوودا (خۆکوشتن و سووتان) زیادی کردووە، بەڵام ( کوشتن ، خۆسوتاندن، دەستدرێژی سێکسی، سکاڵا ) کەمی کردووە.
ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە (10) مانگی ساڵی (2016) بەم شێوەیە بووە:

| ژ | شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 8 | 21 | 76 | 25 | 2194 | 7 |
| 2 | دهۆک | 10 | 20 | 33 | 28 | 1604 | 39 |
| 3 | سلیمانی | 7 | 10 | 47 | 8 | 486 | 15 |
| 4 | گەرمیان | 2 | 6 | 9 | 3 | 530 | 4 |
| 5 | راپەڕین | 2 | 5 | 8 | 7 | 351 | 10 |
| 6 | سۆران | 3 | 4 | 19 | 8 | 192 | 7 |
| 7 | کۆی گشتی | 32 | 66 | 192 | 79 | 5357 | 82 |

## کۆی (10) مانگی ساڵی (2015)

| ژ | شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 19 | 21 | 55 | 44 | 2366 | 7 |
| 2 | دهۆک | 11 | 12 | 34 | 17 | 1727 | 39 |
| 3 | سلیمانی | 9 | 17 | 36 | 22 | 1007 | 39 |
| 4 | گەرمیان | 6 | 3 | 15 | 11 | 637 | 16 |
| 5 | راپەڕین | 3 | 4 | 17 | 6 | 443 | 4 |
| 6 | سۆران | 2 | 3 | 13 | 4 | 168 | 5 |
| 7 | کۆی گشتی | 50 | 60 | 170 | 104 | 6347 | 110 |

## بەراوردی ساڵی (2015) و(2016)

| ژ | ساڵ | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **2016** | 32 | 66 | 192 | 79 | 5357 | 82 |
| 2 | **2015** | 50 | 60 | 170 | 104 | 6248 | 110 |
| 3 | **جیاوازی 2016 و 2015** | 18- | 6+ | 22+ | 25- | 991- | 28- |

## چارەسەری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە نێوان یاساو سوڵحی عەشایریدا

سەرەڕای ئاماژە کردن بەو توندتیژیانەی بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کێشەکانی ئافرەتان لە رێگای رێککەوتن و سولحی عەشایەری دوور لە یاسا و دادگاکان، لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە رای خۆیان دەخەنە روو.

### ئەنجوومەنی باڵای خانمان

چارەسەرکردنی کێشەو توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان تا رادەیەکی باش لە ڕووی یاساییەوە رێگای گرتۆتەبەر، زۆری سکاڵا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەوەمان بۆ پشت راست دەکاتەوە ،هەروەها لیژنەکانی ئاشتەوایی لە دادگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە یارمەتیدەرە بۆ سوڵحی کێشەکانی نێوان خێزانەکان جا هەر جۆرە کێشەیەك بێت، هەروەها لە هەندێ کێشەدا ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوسینگەکەی راستەوخۆ سەرپەرشتی و بەدواداچون بۆ هەندێك کێشە دەکەن و بە یاسا بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدەن ،ئەمانە هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی سوڵحە عەشایەریەکان، بەڵام نیشانەی ئەوە نییە کە بنبڕ بووبێت بەڵکو ماوە بەشێوەیەکی شاراوە و ڕێژەشی کەم بۆتەوە.

### چارەسەر کردنی

ا- پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەشوودانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان/ بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان پلانی جێبەجێکردنی لەلایەن وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پەروەردە، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی،تەندروستی، ئەوقاف) بە هاوکاری ئاژانسی(**UNFPA**) داڕێژراوە.

ب- بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی،لیژنەی ئاشتەوایی لە دادگاکانی هەرێم دامەزراوە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ئەندامانی لیژنە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆر، کە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدایە، بەڵام پەیرەوێکی ستانداردی نییە و هەر شارێك بە جۆرێك مامەڵە دەکات، بەپێی دانپێدانانەکانی ئەندامانی لیژنەکە باشترین مامەڵە و کارکردن لە دادگای هەولێرە، بۆیە داوا دەکەن شارەکانی دیکەش وەك هەولێر کار بکەن.

## ڕەوشی شەڵتەرەکان

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەوشی شەڵتەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکە و دەوروبەری باشترە و حکومەتی هەرێم کار بۆ دامەزراندنی جەند شەڵتەرێکی دیکە دەکات، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە ئەم داواکارییە لە ئەنجومەنی وەزیران ماوەتەوە و کارەکە ڕاگیراوە. هەرچی سەبارەت بەو ئافرەتانەشە کە لە شەڵتەرەکان دەردەچن پێویستە کە سەلامەتیان بپارێزرێت تا دەگەڕێندرێنەوە ناو بنەماڵەکانیان و دڵنیا ببنەوە لەوەی کە لە ناو خانەوادەکەیاندا سەلامەتیان پارێزراوە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەم شێوەیە ڕەوشی شەڵتەرەکان و گرفتەکانیان دەخەنە ڕوو.

### ئەنجوومەنی باڵای خانمان:

بارودۆخی شەڵتەرەکان ئێستا تا ڕادەیەك باشە بەهۆی واژۆ کردنی پرۆتۆکۆلێك لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروکاوباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ (UN WOMEN)، کە بەشێکە لە بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان (ئافرەت، ئاسایش،ئاشتی)، و لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ پەسەند کراوە، ئەم پرۆتۆکۆلە تایبەتە بە کاروباری شەڵتەرەکان و خول و وۆرك شۆپ سەبارەت بە یەکسانی جێندەر لە دامودەزگاکانی هەرێم .

باڵەخانەی شەڵتەرەکان تا راددەیەکی باشە، بۆنموونە شەڵتەرەکانی سلێمانی بینای خۆیان هەیە کە یەکێکیان حکومەت بەڕێوەی دەبات یەکێکی دیکەیان هی ڕێکخراوە. لە دهۆك شەڵتەر بینایەی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و قەیرانی دارایی ڕاوەستاوە، سەرەڕای ئەمەش پرۆتۆکۆلێك لە نێوان وەزارەتەکانی (ناوخۆ، کار) و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی خانمان و بە هاوکاری ڕێکخراوی (UNWOMAN) واژۆ کراو ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە کە پشکێکی زۆر باشی بۆ خزمەتی شەڵتەرەکانە.

لە هەولێر شەڵتەرەکان کێشەی بینای نییە، بێگومان ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەنجومەنی باڵای خانمان داوایان لە خودی شەڵتەرەکان و وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی کرد بە پرۆژەیەك پێداویستییەکانیان دیاری بکەن، بەڵام ئەوان لە پرۆژەکەیاندا تەنها داوای پاراستن و خزمەتگوزاری ڕۆژانەیان کردووە.

### وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە نەخۆشخانەیەکی چارەسەری دەروونی دابمەزرێنێت. لەم بارەیەوە پێویستە لیژنەیەك پێکبێت لە نوێنەری وەزارەتەکانی (ناوخۆ ،پەروەردە، کاروباری کۆمەڵایەتی، خوێندنی باڵا، داد، ئەنجومەنی خانمان)، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەکە بەسەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی پێکهێنرا، ماوەی دوو ساڵە کارە سەرەکییەکانی لیژنەکە و پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی جێبەجێ نەکراوە.

ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە و لە شەڵتەرەکان دادەنرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو نییە کە مایەی باس کردن بێت، لەوانەیە چەند حاڵەتێك بێت، ئەویش لەبەر نەبوونی نەخۆشخانە یان ناوەندێکی تایبەت بەم نەخۆشیە ئەوا یا دەبرێتە شەڵتەر یان بەندیخانەی ژنان.

## گرنگترین ئەو کارانەی بۆ شەڵتەرەکان ئەنجامدراون

1- لە ماوەی ساڵی 2016 نزیکەی (422) کەیس لە داڵدەی ئافرەتان وەرگیراون و لەو ژمارەیە تەنیا (٢٩) کەیس تا ئێستا چارەسەر نەکراون، بەڵام کەیسەکانی دیکە چارەسەر کراون.

2- لە ساڵی 2016 ڕێکخراوی (UN WOMEN) هاوکارمان بووە لە ماوەی رابردوو دوو خولی تایبەت بە کاری دەستی و خولی هوشیاری پێشکەش بە کەیسەکان کردووە. جگە لەمەش ژمارەیەك کەلوپەل و پێداویستی دابین کردووە بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا لە قۆناغی یەکەم (50) هەزار دۆلار سەرف کراوە.

3- ڕێکخراوی (UNFPA)یش لە ماوەی رابردوو دوو خوولی (5) رۆژەی بۆ ستافی شەڵتەر کردۆتەوە تایبەت بە بەڕێوەبردنی کەیس.

4- ڕێکخراوی ئاسوودە هەڵدەستێت بە چاودێری کردنی باری دەروونی کەیسەکان.

5- دەزگای ژیان ئەرکی چارەسەر کردنی نەخۆش و دابین کردنی دەرمانی لە ئەستۆ گرتووە جگە لەمەش چاودێری باری دەروونی کەیسەکان دەکات.

6- لە کاتی مانەوەی کەیس لامان لە ڕێگای توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵی دووبارە گەڕانەوەیان دەدرێت بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگا بە ڕێگای پەیوەندی کردن، هەروەها بەردەوام ڕێنمایی کۆمەڵایەتییان پێشکەش دەکەین.

7- هۆبەی یاسایی زانیاری پێویست دەدات تایبەت بە وەرگرتنی مافە یاساییەکان.

8- جگە لەمەش لە ڕێگای ریکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان چەندین جار وانەی تایبەت پێشکەش بە کەیسەکان کراوە سەبارەت بە مافە یاساییەکان، یاساکانی توندوتیژی، یاساکانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، باری کەسی، رۆشنبیری کۆمەڵایەتی، تەندروستی و ئایینی.

## کێشەی شەڵتەرەکان

**1-** بێگومان خراپی باری دارایی کاریگەری خراپی کردۆتە سەر بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکان، چونکە ئەو بڕە پارەیەی مانگانە حکومەت تەرخانی کردووە زۆر کەمە، بۆ شەڵتەرەکان پێویستمان بە کەلوپەلی مانەوە، شوێنی خەوتن، دابین کردنی خواردن و جل و بەرگ، کڕینی دەرمان و دابین کردنی کارەبای 24 کاتژمێرییە، ئەمە جگە لە ناردنی کەیسەکان بۆ دادگا و بنکەکانی پۆلیس لە هەولێر و پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی. بێگومان ئەمەش پێویستی بە سەرف کردنی بەنزین و کرێی هاتوچۆ

دەبێت، لەلایەکی دیکەوە بە مەبەستی پەیوەندی کردن بە کەس و کاری کەیسەکان پێویستمان بە بڕێکی زۆر بە پارە دەبێت بۆ دابینکردنی کارتی تەلەفۆن، بۆیە نەمانتوانیوە وەك پێویست کەلوپەل و پێداویستیەکان دابین بکەین.

2- هەرچەندە ستافی شەڵتەر هەموو هەوڵێك دەخاتە گەڕ بۆ دووبارە گەڕانەوەی کەیسەکان بۆ ناو خێزان و کەس و کار و کۆمەلگا و هەوڵی جدی هەیە بۆ ئاشتەوایی، بەڵام دواجار بڕیارەکە بەپێی یاسا دەبێت، چونکە تەواوی کەیسەکان لە ڕێگای یاسا واتە بە بڕیاری دادگا ڕەوانەی لای ئێمە دەکرێت و بە هەمان شێوە دەرچوون و گەڕانەوەیان هەر لە ڕێگای دادگا دەبێت، بەڵام دوای وەرگرتنی بەڵێننامە لە کەسوکاری کە ئەویش لە ڕێگای بنکەی پۆلیس و نووسینگەکانی توندوتیژییەوە دەبێت، بۆیە دوای دەرچوونی کەیسەکان ئیمە هیچ زانیارییەکمان نابێت. چونکە لە ئەرك و بەرپرسیارییەتی ئێمەدا نییە، بەڵام ژمارەیەك ئافرەتیش هەیە لە شەڵتەرەکان تا ئێستا کەیسەکەیان بەبێ چارەسەر ماوەتەوە  و نەگەیشتوونەتە ئەنجام لەگەڵ کەسوکاریان ئەمەش کێشەیەکی زۆر دروست دەکات و ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە.

3- خراپی بینا لە هەندێک شوێن یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانمان.

4- نەبوونی بودجەی پێویست کە کیشەی زۆری بۆ دروست کردووین لە بەڕێوەبردن.

5- نەبوونی ستافی پێویست وەك توێژەر و چاودێری شەو و ڕۆژ و شوفێر و کارمەندی بەڕێوەبردن.

6- نەبوونی ئۆتۆمبیلی پێویست بە مەبەستی گواستنەوەی کەیس بۆ نەخۆشخانە و دادگاکان و گواستنەوەیان بۆ پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی.

7- نەبوونی ستافی تەندروستی وەك پزیشکی پسپۆری ئافرەتان و پێست و دەروونی و کارمەندی ئیشکگری تەندروستی و دابین کردنی دەرمان.

8- بە هۆی نەبوونی نەخۆشخانەی تایبەت بە ئافرەتی نەخۆشی دەروونی زۆر جار ئەو ئافرەتانە ڕەوانەی لامان دەکرێن بێگومان ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە لەگەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانە، چونکە شوێنی تایبەتمان نییە بە جیا کردنەوەیان.

## توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان

یۆنامی لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لە بوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان دەکات و لەم بارەیەوە خوازیارە دوایین ئامار و داتا سەبارەت بە ئەنجامدانی توندوتیژی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە هەریمی کوردستانی پێ ڕابگەیەنرێت.

## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان  ئازادە لە ئەنجامدانی کاری میدیایی و دەربڕینی بیروڕای خۆی  بە ئازادی لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە تایبەت بەم بوارە لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت، بە سوود وەرگرتن لەم ئازادییە و پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار، کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵ و ئاسمانی و ڕادیۆ پەخشی خۆیان بڵاودەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانیش بەپێی یاسا مافیان پارێزراوە.

## ئەنجومەنی دادوەری

هەر پێشێلکارییەك بەرامبەر رۆژنامەنووس یان میدیاکاران کرابێت و میدیاکار یان رۆژنامەنووس سکاڵای تۆمارکردبێت دژی کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو، ئەوە دادگا ئیجرائاتی پێویستی خۆی دەکات و بەپێی یاساکان مامەڵە لەگەڵ کەیسەکە دەکات و هیچ جیاوازییەکیش لە کەیسەکان ناکات، تەنها گرنگ ئەوەیە لایەنی زەرەرمەند سکاڵای تۆمار کردبێت، ئیتر دادگا رێکاری پێویستی خۆی دەگرێتە بەر.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر

هیچ حاڵەتێکی توندوتیژی بەرامبەر ڕوژنامەنوسان لە هەولێر تۆمار نەکراوە لە ساڵی ٢٠١٦.